# پەیامی سەرەخۆشیی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە
# بۆ بنەماڵەی ئازیزی گیانبەخت کردوو، شەوبۆی ئێلخانیزادە

سەعات پێنج و نیوی سەرلەبەیانی رۆژی چوارشەممە 9ی مانگی ژوئەن، لە نەخۆشخانەی مووسڵ، لە حاڵێکدا کە ئاخرین هەوڵەکانی تیمی پزیشکیی ئەو نەخۆشخانەیە بۆ نەجاتی گیانی بێئاکام مابووەوە، خۆشەویستی هەموومان شەوبۆ ئێلخانیزادە، کچی هاوڕێیان کاک عومەری ئێلخانیزادە و جەمیلە خانمی رەحیمی، بەدوای ساعەتها دەست و پەنجە نەرم کردن لەگەڵ مەرگ، چاوە گەشەکانی بۆ هەمیشە لێک نا و ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

سەعات دوو و وردەیەکی سەرلەبەیانی رۆژی پێشتر شەوبۆی دڵ بەدنیا خۆش و شایی بەخۆ، لەکاتی گەڕانەوەی بۆ کوردستان لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێیانی کۆمەڵە لە نزیک شاری زاخۆ لە کوردستانی عێراق تووشی تەسادوفی ماشێن دەبن. لەم رووداوەدا شەوبۆ خانم بەتوندی بریندار دەبێ و سەرەڕای هەوڵی زۆر و گەیاندنی بۆ نەخۆشخانەی زاخۆ و دواتریش بۆ مووسڵ و دووجار عەمەلیات، بەداخەوە گیانی لەدەست دەدا.

شەوبۆ ئێلخانیزادە، کچی هاوڕێیان عومەری ئێلخانیزادە و جەمیلەی رەحیمی، کە هێشتا تەمەنی بیست و دوو ساڵی تەواو نەکردبوو، لە هاوینی ساڵی 1361ی هەتاوی، بەرامبەر بە 1982ی زایینی، لە نەخۆشخانەی کۆمەڵە لە ئاوایی "عیلم ئابات" سەر بە شاری بۆکان لەگەڵ ئەسرینی خوشکی پێکەوە لەدایک بوون. سەختیی ژیانی پێشمەرگانە و رەوتی ژیان وای کرد کە ئەو دوو خۆشکە لە تەمەنی 7 مانگیدا لێک جیا ببنەوە و بۆ ماوەی نۆ ساڵ یەکتری نەبیننەوە. ئەسرین بەرەو ئێران بەڕێ کرایەوە و شەوبۆ لەناو ژیانی پێشمەرگایەتیی دایک و باوکیدا مایەوە. شەوبۆی منداڵ دوو جار لە بۆمبارانی سەختی ئوردووگاکانی کۆمەڵەدا لە مەرگ نەجاتی ببوو، بەڵام بەداخەوە چارەنووسی ژیان وابوو کە لە تەمەنی بیست و یەکساڵیدا دوای ئەوەی کە بەتازەیی زانستگای "کێنت"ی لە وڵاتی بریتانیا تەواو کردبوو و دەگەڕایەوە بۆ لای دایک و باوکی لە کورستان، لەو رووداوە دڵتەزێنەدا گیانی لە دەست دا.

وەختێک لە سەردخانەی نەخۆشخانەی سولەیمانی بۆ ئاخرین ماڵئاوایی سەریان هەڵدایەوە، ئەو شاکچی جوانییە، بە لێوی ئاڵ و برژانگی درێژیەوە، بەبێ ئەوەی روخساری خەوشی هەڵگرتبێ، لە خەوێکی ئەبەدیدا نوستبوو.

شەوبۆ کچێکی گەش، ئاکتیڤ، لەبەردڵان، دەم بەپێکەنین، زیرەک، سەربەخۆ، کراوە، راشکاو و مافخواز بوو. بەکورتی هەموو مەرجەکانی داهاتوویەکی گەش و سەرکەوتووی تێدا بەدی دەکرا. بەداخەوە، مەرگی نابەوەخت مەجالی نەدا کە ئەو هەموو بەهرە و استعدادە بەتەواوی بشکۆفێتەوە و بکەوێتە پێناوی خزمەت بە کۆمەڵگا.

شەوبۆ، وەکوو زۆرێک لە هاونەسلەکانی خۆی، یادگاری دەورەیەکی تایبەت لە ژیانی سەخت و پڕ لە ئەزموونی تێکۆشەرانی ریزەکانی کۆمەڵەیە. شەوبۆ سیمبۆلێک لە نەسلی تازە پێگەیشتووی ئەو کچان و کوڕانەیە کە لە دایک و باوکەکانی ناو شۆڕش و ناو کۆمەڵە هاتنە بوون و ژیانی سەرەتایی خۆیان لەنێو قوڕوچڵپاو، بەکۆڵ و باوەشی ئەم و ئەو، لەنێو چادر و ماڵی سادە و ساکار و بێئیمکانات، لە مەترسیی بۆمباران و هەڵاتهەلات، لە هەمان حاڵدا لەنێو دنیای پڕ لە راستی و خۆشەویستی و هاوبەستەگیی تێکۆشەرانی ریزەکانی کۆمەڵەی ئەو کاتدا بردە سەر. بەڵێ، شەوبۆ بەشێکە لە یادگاری هاوبەشمان. هەموومان، تەنانەت

**دوای ئەوەی بەعزێکمان لەیەکتریش هەڵبڕاوین، بەهەق خۆ بەخاوەنی ئەو دەورەیە و یادگارەکانی دەزانین، هەر بۆیەش مەرگی نابەوەختی شەوبۆ بەو فراوانییە دەبێتە خەمی هاوبەشمان، لە دەوری یەکتر کۆمان دەکاتەوە و ئاوا بەکوڵ فرمێسکی داخ و ئەسەف بەچاوی هەمووماندا دێنێتە خوار.**

**ئێمە بەبۆنەی مەرگی دڵتەزێنی ئەو رۆڵە خۆشەویستەمان پرسە و سەرەخۆشیی گەرم و پڕلەسۆزی خۆمان پێشکەش بە جەمیلە خانم و کاک عومەر، بە ئەسرینی خۆشکی و بەگشتی بەهەموو بنەماڵەی بەڕێزی دایک و باوکی شەوبۆ دەکەین و هیوای ساغی و تەمەن درێژی بۆ ئەوان دەخوازین. هەروەها هاودەردی و هاوخەمیی خۆمان ئاراستەی هەموو دۆستان و خۆشەوێستانی شەوبۆ، هەموو نەسلی تازە پێگەیشتووی کچان و کوڕانی کۆمەڵە و هەموو لاوانی کوردستان دەکەین و داهاتوویەکی گەش و سەرکەوتوویان بۆ بەئاوات دەخوازین.**

**جێگەی سەرنجە کە زەینی وریا و بەابتکار و نوێخوازی شەوبۆ لە یەک دوو ساڵی رابوردوودا بەرەو سیاسەت، بەرەو خەباتی رزگاریخوازانە و عەداڵەت خوازانە، راکێشرابوو و دەستی کردبوو بە خوێندنەوە و پرسیار و پشکنین. زۆر رێی تێدەچوو کە ئەو، نەک تەنیا لەبەر پێشینەی تێکۆشەرانەی دایک و باوک و کەس و کاری، بەڵکوو لەرووی تێگەیشتن و هەڵبژاردنی خۆیەوە، بەرەو تێکۆشان لە ریزەکانی کۆمەڵەدا ساغ بێتەوە. بەداخەوە، کارەساتی مەرگی نابەوەخت مەجالی ئەو ئەزموونەی پێنەدا.**

**جێی خۆیەتی لەبیرمان نەچێ کە لەو ساڵە سەختانەدا بەشێکی زۆر لە ئەرکی بەخێو کردنی شەوبۆ کەوتە ئەستۆی دایە گەورەی ژیر و میهرەبان و دڵسۆزی. مەلیحە خانمی دایکی جەمیلە، هەموو توانای دایکانەی خۆی خستە پێناو پێگەیاندن و بارهێنانی ئەو نەوە سەربزێو و سوعبەت خۆشەدا و شەوبۆش هەموو خۆشەویستیی بێدرێغی خۆی بەو دایە گەورە بەخشی، بەجۆرێك کە لەم ساڵانەی دواییدا ئەو نەنك و نەوەیە زۆرتر وەکوو رەفیق و هاوەدەمی یەکتری وابوون. ئێمە پڕبەدڵ سەرەخۆشییەکی تایبەت لەو دایکەمان دەکەین.**

**لە کۆتاییدا سوپاس و پێزانینی قووڵیخۆمان پێشکەش بە هەموو هاوڕێیانی دێرین، بە هەموو دۆستان و دڵسۆزان، بە هەموو حیزب و کەسایەتییە سیاسییەکان و هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین کە بەو پەڕی رێز و خۆشەویستییەوە لەو رووداوە دڵتەزێنەدا شەریکی خەممان بوون، بەهەموو شێوەیەك زەحمەتیان پێوە کیشاوین، بە سەردان و نامە و پەیام، لە دوور و لەنزیکەوە، هاوخەمییان لەگەڵ دەربڕیوین، دەوریان چۆڵ نەکردووین و خەمیان لەسەر سووک کردووین. هیوادارین ئەوان تووشی خەفەت و ناڕەحەتی ئاوا نەبن.**

**ماڵئاوا، شەوبۆی خوێن شیرین و دڵپاك، یادت هەمیشە لە دڵماندا سەوزە.**

**کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران،**
**23ی جۆزەردانی 1383ی هەتاوی ،12ی ژوئەنی 2004**